# خود-پیشاندانی سەیدسادق

✍️ ئومێد حەمەعەلی

سەیدسادق، وەك كۆمەڵێكی بچووكی سەر بە كۆمەڵگەی كوردەواری، توانیی لە خۆپیشاندانەكاندا ڕاستەقینەی خۆی بەرجەستە بكات. ئەو لەسەر شەقامەكانیدا بوونی بریندار و فەرامۆشكراوی خۆی هێنایە گۆ. ئەوەی لەسەر شەقامەكانیدا خۆی دەرخست، تەنها كۆمەڵێك مرۆڤی پەراوێزخراو و ژمارەیەكی زۆری دانیشتووان نەبوون، بەڵكو خودی ئازار و غەمە قووڵەكان بوون، ئەو غەم و ئازارە دژوارانەی بەعس بەرپای كردبوون و دەسەڵاتی كوردییش لە پاش ڕاپەڕینەوە نەیتوانی كەمیان



بکاتەوە و کاریگەرییان بسڕێتەوە.

خۆپیشاندانی سەیدسادق، ئەگەر لە ڕووانگەیەکی فەلسەفییەوە تێی بنواڕین، کتومت (خود-پیشاندان)بوو. ئەم شارە خودی خۆی بەشێوەیەکی تەواو ڕۆشن پیشانی کۆمەڵی کوردەواری و جیهانیش دا. هەرچەندە سەیدسادق هیچ کاتێك بە ڕەهایی بێدەنگ نەبووە، بەڵام ئەم جارە بە چەشنێکی ڕادیکاڵیانە و بێ پێچ و پەنا دەنگی ڕاستەقینەی بوونی خۆی بەشێوەیەك بڵند کرد، کە نەبیستترین و کەڕترین گوێ، واتە گوێی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان، بیبیستێ.

ئەوەی لە ڕوانینی سیاسیی هەردوو پارتی فەرمانڕەوای باشووری کوردستاندا بە درێژایی مێژووی پاش ڕاپەڕین ئامادەیی هەبووە و هەیە تا هەنووکە، ڕوانینێکی نێگەتیڤە سەبارەت بە جووڵانەوە و ناڕەزاییەکانی خەڵك لە هەمبەر کێشە ڕۆژانەیی و کێشە بنچینەییەکانیاندا. بەردەوام لەپێناو خۆدزینەوە و هەڵاتن لە ڕاستینەبوونی کێشەکان و نیگەرانییەکانی هاونیشتمانیان، تەقەلای بێبەها کردن و تۆمەتبارکردنیان ئاوا کردووە، بە چەشنێك گشت جووڵانەوە و بەرهەڵستکارییە جەماوەرییەکانیان بە ناڕەسەن و دروستکراو لە قەڵەم داوە، لەمەدا هەڵەی مەزنیان ئەنجام داوە.

سەیدسادق لە خۆپیشاندانی خۆیدا بە چەشنێ هاتە گۆ، دەرفەتی لەبەردەم وەها بیرکردنەوەیەکدا تەواو بەرتەسك کردەوە. هەموو ئەمە پەیوەندیدار بوو بە ڕاستینەی بوونی خۆپیشاندانەکانەوە، کە توانییان بە قووڵی و فراوانی نوێنەرایەتیی جەوهەری شارەکە بکەن. ڕەنگاڵەبوون و فرەدەنگی، شووناسی هەموو کۆمەڵگەیەکی مرۆیی و هەموو شارێکە، سەیدسادقیش نموونەیەکە. خۆپیشاندانەکان ئەو شووناسە یونیڤێرساڵییەیان بەرجەستە کردەوە تا ئاستێکی وەها کە خۆپیشاندەران کەسێك یان

گرووپێك نەیتوانی ڕاستەوخۆ نوێنەرایەتییان بكات؛ دەكرێ هەر ئەمە سەلمێنەری ئەوە بێ سەیدسادق بە ڕاستی و قووڵی خۆی پیشان دا.

ئەگەر لە گۆشەنیگایەكی دیكەوە تەماشا بكەین، خۆپیشاندانی ئەم شارە لەسەر ئاستی گشتیی وڵات دەتوانێ غەمی نادادی، پێشێلكاری، گەندەڵی و بە فەرامۆشی سپاردن مانیفێست بكاتەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی بونیادی كێشەكان و جەوهەری یاخیبوون و نارەزاییەكان، لەسەر ئاستی گشتیی هەرێمەكەمان ئامادەییان هەیە. تەنها جیاوازییەكی بنەڕەتی لەنێوان دەركەوتەی ئەو ڕەوشە لە سەیدسادق و دۆخە گشتییەكەدا هەبێ، سەرباری هەر بارگرانییەكی زیاتری سەیدسادق، بریتییە لەوەی ئەو دۆخە بنچینەییە لەم شارەیا بە تەواوی هاتووەتە قسە و ڕادیكاڵانە خۆی بەرجەستە كردووە، بە چەشنێك دەشێ لەتەك ڕووداوەكانی حەڤدەی شوباتدا پەیوەندیداری بكەین. حەڤدەی شوبات گەیشتە ئاستی داواكردنی وازهێنانی هەموو سەرۆكایەتییەكانی هەرێمی باشووری كوردستان، ئەم ئامانجە نەهاتەدی و خامۆش و سەركوت كرا، بەڵام لە سەیدسادق داواكردن بۆ وازهێنانی سەرۆكایەتییەكان، واتە داواكاریی وازهێنانی بەرپرسە یەكەمەكانی شار، جێگەی گرت و نەتوانرا وەها داوایەك ڕەتبكرێتەوە و قبووڵ نەكرێ. ئەمە پرسیارێكی جدییە، هەم لەبارەی ڕاستینەی بوونی خۆپیشاندانەكانی حەڤدەی شوبات و خۆپیشاندانەكانی سەیدسادقەوە.